ویش نێسکت خواتەوە ئەوە بۆچی هەڵی ناگریت .. نەوەڵڵا ئەمرۆ تاقەتی ساڵۆنم نیە ، ویستم خەبەرێکی خۆشت بەمێ .. ئیشەکەم تەواو .. بە چاوی کارزان تەواو .. عینوانەکەیان بۆ کردم بە مودیرە . چاك. ئەی بە تۆیان ووت چی ؟ کچێ بەخوا سوعبەتیان لەگەڵا کردویت ، شانزە ساڵ خزمەتی ناوێ . ئیمزایەکی دکتۆر نوری پێوە بێت تەواو .

# ڕەقیبی مۆبایلەکان

ئەلەو .. گوێم لێتە .. ئەڵێم گوێم لێتە عەریف پەروین . بۆچی مەمنوعە ؟ نەخێر مەعلوماتەکەت غەڵەتە ، مۆبایلی ئەبو کامێرا مەمنوع نیە . چۆن ؟! لە ژووری منالبوونا ؟! هەی عەمری نەمێنێ ئیشەڵلا . نەخێر حیجزی مەکە بییەرەوە . مادام ئەوەنە بێ زەوقە بییەرەوە ، چاوی دەر ئەهات . جارێکی تریش بۆ مەوزوعی ئاوا تەلەفۆنم بۆ بکەی خۆت لە بناوەسووتە ئەبینیتەوە . تێ گەیشتیت ؟

ئەرێ بەخوا دایکی کوێر بێ ڕەببی ، بەیانیان کە لە ژوورەکەی یەتە دەرێ چاوی ئەڵێی گۆمی خوێنە .. نەوەڵڵا خەوی چی ڕۆڵە تا بەیانی سەعی ئەکات کەچی هەموو دەرسەکانی سفرە . ئەڵێم بۆ نایەی لەگەڵما بچین بۆلای ئەو شێخە دوعایەکت بۆ بکات .... ئەم بەینە ئیمتیحانی چی هەیە !!؟؟ ڕاوەستە توخوا با بیرم بکەوێتەوە .. شتێکی خۆشی ووت .ئا. ووتی دایە گیان ئیمتیحانی کەپلاندنم هەیە کەپلاندن .. ئەوە بەچی پێئەکەنیت دەڵە قۆڕ ..!!؟؟

چۆن بە چیا ئەزانم غەڵەتت لێ داوە . خاڵە گیان تۆ باسی هین ناکەی ؟ .. باسی ئەو کورە ناکەی کە ڕەسمیەن داوای لە مامی خۆی کردبوو بڵێ توببە !؟ عەلاکوللین من نارۆمە ناو تەفاسیلەوە حاجی گیان ، بەلام غەڵەتیش.. عەجیب . حاجی گیان غەڵەتیت غەڵەت . چونکێکوم نێرە بارەگای ئەو حیزبە نیە .. ئیعتیادییە بەقوربان ، مەلاش غەڵەت ئەکات .

لەکوێی شاهۆ ؟ .. تو سەری باوکت لەکوێی .. باوکت نا ، ئەزانم باوکت بەلاوە زۆر موهیم نیە ، تو سەری خاڵە سدیقت لە کوێی ؟ لەسەر دوکانیت!! ئەگ بەساقەی کور بم .. بەراستی پیاوی .. بەس گوێ بگرە شاهۆ ، ئەڵێم باوکەکەی باوکمی ناگات لە خۆت بێت ، ئێستاکە بەعزە موشتەرییەکی ژن فێر بوون بە ناوی سەوا و معامەلەوە مەشغوڵت ئەکەن و هەر فرسەتیان لێ هەڵکەوت شتێکت لێ ئەدزن و ئەیخەنە ژێر عەباکەیانەوە .. مانتۆش ئەبێ ، نا فەرق ناکا . لەبەر ئەوە هەر چاوێکت بکە بە چوار چاو ... خوێریە ئەڵێ باشە ئەچم ئیستینساخی ئەکەم ..

بەڵێ گیان .. نەخێر پەیوەندییە جەماوەرییەکان ڕەقەمێك ئەولاترە ، بەلام فەرقی نیە ئەمرکە .. لوتفت هەیە قوربان ئەوە واجیبمانە .. فەرموو بیڵێ وا ئەینوسم . لە گەرەکی ئێوە چی ؟ مەشروعی ئاوەڕۆیان دەست پێ کردووە و وازیان لێ هێناوە . ئینجا ئەوە ئیعتیادییە . ئەمان عەیب نەبێ هەر سەرەکەی دەر ئەخەن ئیتر ئەبێ خۆت تەواوی کەیت . بەڵێ بەڵێ عەینەن کەلیماتی موتەفاتیع .